www.kurdistannet.org
16-10-2007 1:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**زانایانی ئاینی هەرەشەکانی تورکیا بۆ سنووربەزاندنی هەرێمی کوردستان بە پیلان دەزانن. ... راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف**

لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی کۆبونەوەی پەرلەمانی تورکیا و ئەگەری رێپێدانی سوپای تورک بۆ بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان بەبیانوی راوەدونانی چەکدارانی پەکەکە، ژمارەیەکی زۆر لەزانایانی ئاینە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان ئەم هەرەشانەی تورکیایان بە هەوڵێك بۆ شکستپێهێنانی یان لاوازکردنی ئەزموونی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئاین و نەتەوەکانی هەرێمەکە وەسف کرد و هەندێکیشیان پێیان وابو هەرەشەکانی تورکیا لەم کاتەدا بۆ بەربەست دروستکردن لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی (140) ی دەستووری عیراق زانی، بەرێوەبەرەکانی ئەوقافی رانیە و سلێمانی و دهۆك و سۆران و گەرمیان و هەولێر و دەوروبەر تەئکیدیان کردەوە کە مامۆستای مزگەوتەکانی کوردستان لەپاش نوێژەکانی جەماعەت داوایان لەخەڵکی کردوە دژی ئەم هەرەشانەی تورکیا بوەستن و بەهەموو توانایەك پاڵپشتی سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن کە داوای بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکەیان کردوە، هەریەکە لەبەرێوەبەرانی گشتی کاروباری مەسیحی و ئێزیدیش لەلای خۆیانەوە رایانگەیاند کە زانایانی ئاینی مەسیحی و ئێزیدی لەکوردستان لەپاش تقوسی ئاینی خۆیان، بەتوندی دژی هەرەشەکانی تورکیا وەستاون و داوایان لەمەرجەعیەتە ئاینیە جیهانیەکانی خۆیان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردوە گوشار بخەنە سەر پەرلەمان و حکومەتی تورکیا بۆ ئەوەی لەهەرەشەی سنووربەزاندنی هەرێمی کوردستان پاشگەز بێتەوە کە ئەوان بە تاکە ناوچەی ئارامی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەراستیان وەسف کردوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.